# هەوڵەکان بۆ ئەنجامدان و پراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی لە ڕێگەی فەیسبووکەوە

٢٦ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# هەوڵەکان بۆ ئەنجامدان و پراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی لە ڕێگەی فەیسبووکەوە

د. ئەحمەد عومەر، مەهدی سۆفی، کاردۆ رەشید

وەرگێڕانی: وریا هیوا

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٦

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

نیسانی ٢٠١٨

# هەوڵەکان بۆ ئەنجامدان و پراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی لە ڕێگەی فەیسبووکەوە

**د. ئەحمەد عومەر، مەهدی سۆفی، کاردۆ ڕەشید**

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەولێر و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن.

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامرازە بەربڵاوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر لە سەردەمی ئەمڕۆدا بوونەتە کەناڵی زیندوو و بنەڕەتی بۆ ئاراستەکردنی دبلۆماسییەتی گشتی لە لایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە. لە ژیانی ئەمڕۆییدا، داڕێژەرانی سیاسەت بۆ بەرەوپێش بردن و گەشەپێدانی براندی نیشتیمانیان (Nation Branding)، لۆبیکردن بۆ وڵاتەکانیان، ئاڵوگۆڕی کولتوری، هەروەها بۆ فراوانکردن بنیاتنانی پەیوەندییەکی باشتر پێویستیان بە جێبەجێکردنی دبلۆماسییەتێکی سەرکەوتوو لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هاوشێوەکانی هەیە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکاری چەندێتییەوە بۆ ناوەڕۆکی پۆستەکانی فەیسبووک و کاردانەوەی بەکارهێنەرانیان بەرامبەریان هەڵسەنگاندن بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی فەیسبووک وەک ئامرازێکی دبلۆماسییەتی گشتی لە لایەن هەریەکە لە کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن دەکات. ئەنجامەکانی ئەم شیکارییە دەرخەری ئەوەن کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر بە بەراورد لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتووانەتر فەیسبووک وەک ئامرازێکی دبلۆماسییەتی گشتی لە پەیوەندییەکانیدا بەکاربهێنێت. هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەکتەرە-نادەوڵەتییەکانیش (Non-state actors) دەتوانن لە بواری دبلۆماسییەتی گشتیدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بگێڕن. کوردەکان دەتوانن کەڵک وەرگرن لەو بە ئامانجگرتن و گرنگیپێدانەیان لە لایەن پرۆگرامی دبلۆماسییەتی ئەمەریکاوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە و بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتر بۆ قەوارە سیاسییەکەیان و سەربەخۆیی زیاتر. ئەم توێژینەوەیە ئەوەش دەخاتەڕوو کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بە پەڕەی فەیسبووکی تایبەت بە خۆی بدا و بە گرنگی و بایەخەوە بڕوانێتە هەوڵی بە براندکردنی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

**پێشەکی:**

بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، وڵاتان بۆ پێدانی زانیاری بە گەلانی بیانی لە بارەی سیاسەتەکانیانەوە و هەروەها بۆ پەرەپێدانی وێنەی گەلەکانیان لە سەر ئاستی نێودەڵەتی پەخشی میدیا تەقلیدییەکانی وەک سینەما و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیان بەکارهێناوە. ئەمجۆرە لە گەیاندن و پەیوەندگیرییە یەکسەرە (One-way communication) لە ژێر چەتری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی پروپاگەندەییدا کاری کردووە. بەڵام لەم سەردەمەدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگای خۆشکردووە بۆ بنیاتنانی ڕێگایەکی پەیوەندی دوو سەرە (Two-way communications)، کە ئەو توانایەی بەخشییە گەلانی دونیا، کە بە شێوازێکی کاریگەرتر سەرنجی گەلانی بیانی بۆ خۆیان ڕاکێشن

و نێکەڵاوی یەکتر ببن. بجولا و هۆڵمز (Bjola and Holmes) هەردووکیان پێیان وایە کە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو توانایەی بەخشیوەتە دبلۆماتکاران کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی و کارلێککردنیان لەگەڵ خەڵکی و دامەزراوە بیانییەکاندا هەبێت. زاراوەی دبلۆماسییەتی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵە پلان بۆ دارێژراوانەی کە ئەکتەرە جیاوازەکانی گەلێک دەیدەن بۆ برەوپێدانی ڕای پەسەند و وێنەی ئەرێنی وڵاتەکانیان لە لای خەڵکانی بیانی وڵاتانی تر. نموونەی ئەو ئەکتەرانە، وەک (دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان، ئەو کەسانەی کە پۆستی

> **دیبلۆماسییەتی گشتی ئامرازێکی هێزی نەرمە (Soft Power) و باشترین ڕێگای دەستخستن و گەیشتنە بە ئامانجە پلان بۆ دارێژراوەکانی سیاسەتی دەرەوە**

فەرمییان هەیە، کەسایەتییە ناسراوەکانی ناو کۆمەڵگا (public figures)، و خەڵکانی ئاسایی.
بە درێژایی سەدەی بیستەم تەنها وەزارەتی دەرەوە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دبلۆماسییەتی گشتییان بۆ پاڵپشتی سیاسەتی دەرەوەیان وەک ئامرازێکی پەیوەست بە دەوڵەت بۆ نێکەڵاوبوون و قایلکردن و دروستکردنی کاریگەری لە سەر خەڵکانی بیانی بەکارهێناوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مێژوویەکی دوور و درێژی لەگەڵ بەکارهێنانی دبلۆماسییەتی گشتی و میدیادا هەیە، کە ئەمەش ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتنانی دبلۆماسییەتی گشتی ئەم وڵاتەدا هەبووە. بۆ نموونە دەنگی ئەمەریکا (Voice of America VOA) بە ٤٥ زمانی جیاواز و بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٩٤٥دا پەخشی خۆی بۆ زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن گوێگر لە سەرتاسەری جیهاندا دەستپێکرد.
ئەوەی شایەنی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە لە بواری دبلۆماسییەتی گشتی پراکتیزە کراوە تەنانەت بەر لەوەی وەک چەمکێک بناسێنرێت و ئێستاش بووەتە یەکێک لە جەمسەرە گرنگەکانی بواری کاری دبلۆماسی. لە ئیدارەی باراک ئۆبامادا، دبلۆماسییەتی گشتی پەیوەست کرابوو بە بواری کاری دبلۆماسییەتی ئیدارەکەیەوە و لە ڕووی دامەزراوەییشەوە وەک بەشێک لە چالاکییەکانی وەزارەتی دەرەوە جێی خۆی کردبووەوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەمجۆرە لەدارشتنەوە و جێکردنەوەیەی دبلۆماسییەتی گشتی بەو مانایە نایەت کە ئەنجامدانی چالاکییەکانی دبلۆماسییەتی گشتی تەنها لە چوارچێوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا سنووردار بکرێت. هەر لەم ڕووەوە، شارپ و وایسمان (Sharp and Wiseman) پێیانوایە دبلۆماسییەتی گشتی " لەم سەردەمەدا بووەتە ئامرازێک لە لایەن دامودەزگا پەیوەندیدارە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە کولتور، شێوازی هەڵسوکەوت، ڕەفتارەکان، بنیاتنان و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان، هەروەها بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لە سەر ئەو شێوازی بیرکردنەوەیەیە نپ بەرژەوەندی و بەهاکانی پێ دیاریدەکرێت". ئەم سیفەتەی دبلۆماسییەتی گشتی بووەتە زەمینەیەکی بەهێز بۆ ئەو قەوارە سیاسییانەی هێشتا وەک دەوڵەت دانیان پێدا نەنراوە (نموونەیان وەک هەرێمی کوردستانی عێراق)، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵێکی دبلۆماسی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بگێڕن، لە کاتێکدا بە گوێرەی ڕێگا تەقلیدییەکەی دبلۆماسییەتی گشتی ئەم دەرفەتە تەنها بۆ دەوڵەتە دانپێدانراوەکان ڕەخسێنرابوو. هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکارییە بنچینەییە

دەگەڕێنرێنـەوە بـۆ پێشـكەوتنی تەكنەلۆجیـای گەیانـدن و پەیوەندگـیری، كـە پاننایەكـی نێودەوڵەتـی بـۆ بـە یەكگەیشـتنی خەڵـك و سیاسـەتوانانی وڵاتـە جیاوازەكانـی جیهـان هێنایـە كایـەوە. بەمشـێوەیە دبلۆمانـكاران، سیاسـەتوانان، چالاكوانـان، و تەنانـەت خەڵكانی ئاسـاییش دەتوانـن بە بـێ ڕەچاوكردنی ئەوەی كـە لـە كوێـن ڕۆڵـی دبلۆمانكارانـە بگێـرن. پەیوەسـت بەمـەوە فەیسـبووك و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانـی تریـش بـە دەسـت جێبەجێكارانـی بـواری دبلۆماسـییەتی گشـتییەوە بوونەتـە ئامرازێكـی كاریگـەر. هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە ئـەم توێژینەوەیـە دەیەوێـت هەڵسـەنگاندنێك بـكات بـۆ چۆنێتـی بەكارهێنانـی فەیسـبووك وەك ئامرازێكـی دبلۆماسـییەتی گشـتی لـە لایـەن هەریەكـە لە كونسـوڵخانەی گشـتی ئەمەریكا لـە هەولێـر و ئۆفیسـی نوێنەرایەتـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لـە واشـنتۆن كـە لەلایەن كوردەكانـەوە وەك كونسـوڵخانە یـان باڵیۆزخانـەی كوردسـتان لەواشـنتۆن ئەژمارده‌كرێـت.

### چوارچێوەی تیۆری Conceptual Framework

سـەرەڕای بایەخپێدانـی لێكۆڵـەرەوان و خوێندنـی ئەكادیمـی بـە لێكۆڵینـەوە لـە ڕۆڵ و كاریگـەری تەكنەلۆجیـای میدیایـی لـە بـواری دبلۆماسـییەتی گشـتیدا، كەچـی هێشـتا لێكۆڵینـەوەی كـرداری بـۆ ئەزموونكردنـی ئـەم بابەتـە زۆر كەمـە. گریگـۆری (Gregory) لـە بـارەی ئەنجامدانـی توێژینـەوە لـەم بـوارەدا دەسنیشـانی كێشـەیەكی تـری كـردووە كـە خـۆی لـە نەبوونـی ڕێككەوتنێـك لـە نێـوان جێبەجێكارانـی دبلۆماسـییەتی گشـتی و توێـژەران سـەبارەت بـە دیاریكردنـی سـنوورەكانی شـێكاری ئـەم بـوارە دەبینێتـەوە. بەمشـێوەیە زۆرینـەی توێژینەوەكانـی بـواری دبلۆماسـییەتی گشـتی سـەرنجیان لـە سـەر وڵاتانی ڕۆژئـاوا، چیـن و ژاپـۆن كـە لـەڕووی سیسـتمی سیاسـی، ئابـووری و پێكهاتـەی كولتورییـەوە جیاوازیـان هەیـە، چڕكردووەتـەوە. وەك دەرەنجامێكیـش ئـەوەی كـە وڵاتـان لـە كوێـدا دەتوانـن بـە باشـی دبلۆماسـییەتی گشـتی وەگەڕبخـەن بابەتێكـی مشـتومڕ هەڵگـری نێـوان خـاوەن بیـردۆزەكان و جێبەجێكارانـی ئـەم بوارەیـە. فاكتەرەكانـی وەك (ئامـرازەكان، شـێوازەكان، كولتـور و پێكهاتـەی ڕێكخـراوەكان، ناسـنامە(identity) و ئەزموونی جێبەجێكارانـی دبلۆماسـییەتی گشـتی) بـە شـێوەیەكی بنەڕەتـی كاریگەرییـان لـە سـەر بەڕێوەچوونـی سـەركەوتووانەی كار و چالاكییەكانـی ئەمجـۆرەی كاری دبلۆماسـی هەیـە. سـەرەڕای جیاوازییەكانـی نێـوان توێـژەری ناوەنـدە ئەكادیمییـەكان و جێبەجێكارانـدا لـە بـارەی چۆنێتـی ئەنجامـدان و بەڕێوەچوونـی دبلۆماسـییەتی گشـتی، هـەردوولا هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی كـە ئـەم جـۆرە لـە دبلۆماسـییەت، دەتوانرێـت پەیـڕەو بكرێـت لـە لایـەن دەوڵەتـە گـەورە و مامناوەنـد و بچووكەكانـەوە لـە لایـەك و ئەكتـەرە نادەوڵەتییەكانیـش لەلایەكـی تـرەوە بـە بـێ گوێـدان لـەوەی كـە باكگراونـدی سیاسـی، كولتـوری، یـان پێكهاتنەكـەی چـۆن بێـت. بـە بەكارهێنانـی شـێوازی شـیكردنەوەی بەراوردكاریانـە ئـەم توێژینەوەیـە لـە چۆنێتـی بەكارهێنانـی فەیسـبووك وەك ئامرازێكـی دبلۆماسـییەتی گشـتی لـە لایـەن هەریەكـە لـە

> **بە درێژایی سەدەی بیستەم تەنها وەزارەتی دەرەوە و دامەزراوە پەیوەندیدارەكان دیبلۆماسییەتی گشتییان بۆ پاڵپشتی سیاسەتی دەرەوەیان بەكارهێناوە**

کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن دەکۆڵێتەوە. هەر یەکە لەم دوو ئەکتەرە سەرچاوەی جیاواز، جۆری هێزی جیاواز، تاکتیکی جیاواز و میکانیزمی بەکارهێنانی جیاوازیان لە ئەنجامدانی دبلۆماسییەتی گشتیدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان لە دانانی دبلۆماسییەتی گشتی لە پێشینەی بەرنامەی کاریاندا جیاوازیان هەیە. هۆکارێکی تری ئەم توێژینەوە بەراوردکارییە بە مەبەستی دیاریکردنی چەند بنەمایەکە بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر سەرکەوتووتر بووە لە جێبەجێکردنی دبلۆماسییەتی گشتی لە رێگای فەیسبووکەوە، بە هۆی ئەو ئەزموونە دوور و درێژەی کە هەیەتی لەم بوارەدا بە بەراورد بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. لێرەدا شێوازی ئەمەریکی، کە لە بەشەکانی دواتری ئەم توێژینەوەیەدا دەخرێتە روو، وەک پێوەرێکی رێنماییکار لە هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی پۆستەکانی هەردوو لاپەرەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن بەکاردەهێنرێت. هەروەها ئەم هەڵسەنگاندنە یارمەتیدەر دەبێت لە تێگەیشتنی ئەو شانەی کە بۆ هەردوولا گرنگ و لە پێشینەیە و لە ناوەرۆکی پۆستەکانی فەیسبووکیاندا رەنگی داوەتەوە و پەرەی پێدراوە.

## دیپلۆماسیەتی تۆڕیی لە میانەی فەیسبوك (Networking Diplomacy across Facebook)

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای گەیاندن و پەیوەندگیری سنووره باو و تەقلیدییەکانی نێوان وڵاتانی لابردووە و پانتاییەکی تری نێودەوڵەتی بۆ پێکگەیشتن و پەیوەندگیریکردن دروستکردووە. وەها تەکنەلۆجیایەک زەمینەی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان بە دروستکردنی کولتورێکی جیهانی گەشەسەندو و زیادکردنی پانتایی بەرژەوەندییەکانی خەڵکانی بیانی لە وڵاتانی تر ئاسان کردووە. خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بە گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئەو توانایەیان بە کەسانی فەرمی و دبلۆماتکاری وڵاتان بەخشیوە کە بتوانن لەگەڵ خەڵکانی بیانی، وڵاتان، رێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانی وڵاتانی تر زۆر بە ئاسانی لە پەیوەندیدا بن و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ بکەن. ماری سلاوتەر (Marie Slaughter) ئەم شێوازی بە یەکگەیشتن و پەیوەندگیریکردنەی ناوناوە (Network Diplomacy) واتە ئەنجامدانی پەیوەندی دبلۆماسی لە رێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. هەر لەم بارەیەوە، گووف (Goof) پێیوایە کە (Network Diplomacy) قۆناغی گواستنەوە و راگوزەری دوای Club Diplomacyیە کە گۆڕانێکی بەرچاوی لە رێڕەوی دبلۆمامسییەتی نوێدا (Modern Diplomacy) کردووە. بە بەکارهێنانی ئەم دیاردە نوێیە، دبلۆماتکارەکان باشتر دەتوانن ئەرکەکانیان کە برینین لە (ا) نوێنەرایەتیکردنی وڵاتەکانیان لە وڵاتی پێشوازیکەردا. (ب) وتووێژکردن لەگەڵ وڵاتی پێشوازیکەر لە جیاتی وڵاتی نێرەر. (ج) نوسین و ناردنی راپۆرت لە بارەی ئەو وڵاتەی کە بۆی نێردراوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. (د) پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان و هاوڵاتییەکانیان لە وڵاتی پێشوازیکەردا. تاکوور پێیوایە هەر یەکە لە Club Diplomacy و Network Diplomacy جیاوازن هەم لەڕووی ئەو ئەکتەرانەی ئەنجامی دەدەن، هەم لەو شێوازی گەیاندن و بەیەکگەیشتنەی کە ئەم ئەکتەرە جیاوازانە کۆدەکاتەوە. ئەو پێیوایە کە لە Network Diplomacy دا (ا) ژمارەی ئەکتەر و جێبەجێکارانی زیاترن. (ب) جۆری پەیوەندییەکان ئاسۆیین. (ج) شێوازی پەیوەندییەکان جۆراوجۆرتر و زیاترن. (د) چالاکییەکانی شەفافتر و روونترن. (ە) هەروەها دەرئەنجامەکەشی بۆ هەردوولا لە شێوەی گەشتیاری، بواری خوێندن، دەستی کار، دروستکردنی متمانەی دوولایەنە، وەگەڕخستنی سەرمایە، تەکنەلۆجیا، شمەک و خزمەتگوزارییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە Club Diplomacy ژمارەی

ئەکتەرەکانی کەمترن، شێوازی پەیوەندییەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە شێوەی هەرەمیدایە، ئاڕستەکردنی نوسراو تاکە شێوازی پەیوەندیکردنە، سروشتی چالاکییەکانی شاراوەترن، دەرەنجامی ئەمجۆرەی دبلۆماسییەئیش ئیمزاکردنە لە ڕێورەسمی فەرمیدا.

تێنوورک دبلۆماسی ڕێگا خۆشکەرە بۆ حکومەت و دیپلۆماتکارەکان کە بتوانن بە بنیاتنانی پەیوەندییەکی نوێ کۆمەڵگایەکی نوێ لەگەڵ خەڵکان و دامەزراوە بیانییەکان بە حکومی و ناحکومییەوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دابمەزرێنن. بەمشێوەیە ئەم پێکەوە بەسترانە نوێیە پەیوەندییەکی نوێ لە دەرەوەی بەربەستە فیزیاییەکانی وەک سنوورە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان خەڵکانی ناو وڵاتێک خۆیدا، خەڵکانی بیانی، ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییە بیانییەکان دەخولقێنێت و گەشەپێدەدات. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە نێوان هەموو ساینەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبووک بەربڵاوترینە لە نێوان کوردەکان و ئەمریکییەکاندا. لەگەڵ ئەو سوودانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، فەیسبووک هەلێکی بەرچاو بۆ سیسەتوانانی کورد دەڕەخسێنێت بەوەی کە بتوانن پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ و هاوپەیوەست لەگەڵ خەڵکانی بیانی، سیاسەتوانان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریان و بەرەوپێشبردنی پرۆفایلی نیشتیمانیی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵیدا، بە شێوازێک کە یارمەتیدەربێت بۆ هەوڵەکانی سەربەخۆیی دابمەزرێنن.

### دبلۆماسییەتی گشتی و بە براندکرنی نیشتیمان

Nation Branding واتە بنیاتنانی براندی نیشتیمانی، وەکو زاراوەش بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٦دا لە لایەن باڵیۆز و زانای بەریتانی سیمۆن ئەنهۆڵت (Simon Anholt)ەوە بەکارهێنراوە. بە گوێرەی ئەنهۆڵت، براندی نیشتیمانی لە ئێروانینی وڵاتانەوە شەش لایەنی ڕکابەری لە خۆ دەگرێت کە ئەوانیش بریتین لە (گەشتیاری، هەناردەکردن، حوکمڕانی، وەبەرهێنان و کۆچ کردن، کولتور و کەلەپوور، خودی خەڵکی وڵاتەکە). چەند زاراوەیەکی تری وەک (وێنەی نیشتیمانی، کلێشەی نیشتیمانی، ناسنامەی نیشتیمانی، ناسنامەی براندی نیشتیمانی) هەمان مانای براندی نیشتیمانی دەدەن، کە لە ئێستادا براندی نیشتیمانی بووەتە جێگرەوەی هەموو ئەم زاراوانە. سورۆس (Surowiec)یش ئاماژەی بەوە کردووە کە جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی بە بازاڕکردن و ناساندنی براندێکی تایبەتی، لە هەمانکاتدا ڕەواج

> **هەوڵەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر سەرکەوتووتر بووە بە بەراورد بە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشینگتۆن**

پێدان و نوێنەرایەتیکردنی براندی نیشتیمانی ئەو وڵاتەیە. بە گوێرەی ئەم چەمکە، لە بیرکردنەوەی خەڵکدا هەر وڵاتێک وەک براندێکی تایبەت سەیر دەکرێت. دواتریش ئەو پرسیارە هاتە ئاراوە کە "ئاخۆ سوودەکانی بە براندکردن بۆ گەلێک دەبێت چی بێت؟". لەمەشەوە، پێشبڕکێی بە براندکردنی نیشتیمان ڕووی لە زیادبوون کرد، بە هۆی ئەوەی کە ناسنامەیەکی ئەرێنی براندی نیشتیمانی گەشە و پەرە بە (گەشتیاری، کۆچ بۆ کردن، وەبەرهێنانی بیانی، هەناردەکردن، جێگیری دراو) دەدات. ئەم

پەرەسەندنانەش دووبارە جێگیریی دەبەخشێتەوە بە بوارەکانی باوەڕپێکراوی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەستخستنی متمانەی وەبەرهێنەرانی بیانی. بە براندکردن نیشتیمانی وڵاتێک دەتوانێت کاریگەری خۆی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتربکات، گەرەنتی هاوبەشی نێودەوڵەتی بەهێز بکات لە رێگەی (متمانەپێدان، شانازی پێبەخشین، دروستکردنی هاوسەنگی، خەون پێبەخشین، چارەسەری نیشتیمانی)یەوە.

هەروەک لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا، وڵاتان لە کێبرکێی یەکتردان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەیان بۆ ئاستێکی ئەرێنی باڵاتر و شوێنێکی بەنرختر و باڵاتر لە ریزبەندی براندی وڵاتاند، بۆ راکێشانی سەرنج لە چەند لایەنێکەوە وەک (سۆز و هەستی خەڵک، گەشتیاری، هەناردەکردن، وەبەرهێنان، هەروەها بۆ بەهێزکردنی پێگە و پرۆفایلی وڵاتەکە لە پانتاییە نێودەوڵەتییەکاندا. توانای وڵاتێک بۆ کەڵک وەرگرتن لەم لایەنانەی ئاماژەی پێکرا بە (هێز و توانا، سیستمی سیاسی، و پێویستییە ئابوورییەکانی) ئەو وڵاتەوە بەندە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە "چۆن وڵاتێکی بچووک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت لەم کێبرکێ نێودەوڵەتییە قورس و گرانەدا. شیرڤینسیکت (Širvinskytė) پێیوایە کە گەلانی وڵاتە بچووک و کەم گەشەکردووەکانیش بە هۆی ئەو هەلە بەرچاوەی ئینتەرنێت رەخساندوویەتی بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی هەر براندێک، دەتوانن رۆڵی سەرەکییان لە بە براندکردنی نیشتیمانەکەیاندا هەبێت.

بە براندکردنی نیشتیمان زاراوەیەکی نوێیە لە بواری دبلۆماسییەتی گشتیدا، بەڵام ئەمجۆرە لە دبلۆماسییەت پشت بە ستراتیجەکانی براندکردنی نیشتیمان دەبەستێت. ڤان هام (Van Ham) پێیوایە هەر دوو چەمکەکە (دبلۆماسییەتی گشتی و بە براندکردنی نیشتیمان) هەمان ئامراز بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج. هەر چۆنێک بێت بە براندکردنی نیشتیمان ئاڵۆزتر و فراوانتره و هەوڵ و کۆششی زیاتر و سەرچاوە و ستراتیجی زیاتری پێویستە. لە روانگەی بیردۆزی رێکخستنەوە (System Theory) دبلۆماسییەتی گشتی ئێکەیشتنێکی هاوبەشی نێوان پسپۆرییە جیاوازەکانی بواری دبلۆماسییە، کە وەک میکانیزمێکی پەیوەندگیریکردن لە ناو دەوڵەتێکدا بۆ دەستخستنی دبلۆماسییەتێکی درێژمەودا رۆڵ دەبینێت. بە واتایەکی تر دبلۆماسییەتی گشتی بوارێکە پەیوەندی بە چەندین لق و بواری تری زانیاریی ناو سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە هەیە. جۆزێف نای (Joseph Nye) پێیوایە دبلۆماسییەتی گشتی ئامرزێکی نەرمەهێز (Soft Power) و باشترین رێگای دەستخستن و گەیشتنە بە ئامانجە پلان بۆ دارێژراوەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەکارهێنانی زبرەهێز سەربازی (Hard Power) ئەم رۆڵ و کاریگەرییەی نابێت. لە دوای رووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەرەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێبەجێکردنی دبلۆماسییەتی گشتییان زۆر بە جددی وەرگرتووە. بە تایبەت دوای ئەوەی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراقی داگیرکرد، وێنەیەکی نەرێنی و ستەمکارانەی بە ئەمەریکا لە تێروانینی عەرەبی و ئیسلامیدا بەخشیی. بەڵام لەبەرئەوەی کوردەکان ناڵاندبوویان بە دەست رژێمی سەدامەوە و کەوتبوونە بەر شاڵاوەکانی پاکتاوی نەژادی، چەکی کیمیایی، بۆمباران، وێرانکردنی خانوو و زێدیان، کوردەکان یەکێک بوون لەو ئەکتەرانەی بە گەرمی پێشوازییان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ لابردنی رژێمەکەی سەدام کرد.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستی بە چاککردنەوەی وێنە نەرێنییەکەی کرد، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە رێگەی کەمپەینێکەوە کە ناونرا "بەها هاوبەشەکان". کەمپەینەکە هێز و کاریگەری میدیای بۆ تێروانینی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەکارهێنا. بۆ نمونە، کەمپەینەکە ساڵی ٢٠٠٢ رادیۆی سەوا و ساڵی ٢٠٠٥ کەناڵی تەلەفزیۆنی (الحره) ی دامەزراند، کە پەیامی هەردووکیان بۆ عێراق تایبەتمەند کرابوون. لە هەمانکاتدا بە پشتیوانی دارایی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا رادیۆی نەوای دامەزراند کە یەکەم رادیۆی تایبەتی بواری سیاسەت لە کوردستانی عێراقدا بە زمانی کوردی بووە. ئەمەریکا لە رێگەی ستراتیجێکی تایبەتەوە کوردەکانی کردبووە ئامانج و کوردەکانیش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تاکە دۆستی ئەمەریکان وەکو ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. ئەم دۆستایەتییەی کە باسکرا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمەریکا ساڵی ١٩٩١ هەڵوێستی دژی سەددام لە بەرژەوەندی کوردەکان وەرگرت، هەروەها لەم دوواییانەشدا لە کاتێکدا کە پاینەختی هەرێمی

کوردستان لە ژێر هەڕەشەی جددیدا بوو ئەمەریکا لە ڕێی هێرشی ئاسمانییەوە پشتگیری خۆیی نیشاندا. لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا هەوڵەکانی دبلۆماسییەتی گشتی زۆر گەشەیکرد و بەرەوپێشچوو. ئەم ئیدارەیە جەختی لەسەر "بەها هاوبەشەکان" دەکردەوە کە سەرچاوەکەی بەها نمونەییەکانی ئەمەریکایە، کە بریتین لە (ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ). هەر لەم ڕووەوە ئیدارەی ئۆباما تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی فەیسبووکی وەک ئامڕازێکی بەهێزی هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی دبلۆماسییەتی گشتی و بەرەوپێشبردنی براندی ئەمەریکی بەکارهێناوە، کە ئەمەش بە ڕوونی لە کارەکانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر بەدی دەکرێت.

### بەشداری و هاوبەشی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دبلۆماسییەتی گشتیدا:

وەک ئامڕازێکی دبلۆماسییەتی گشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنیدا هەبووە. لەم بارەیەوە بجۆلا، جیانگ و هۆلمز پێشنیاری مۆدێلێکیان بۆ وەسفکردن و هەڵسەنگاندنی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر دبلۆماسییەتی گشتی کردووە لە چوارچێوەیەکی سێ ڕەهەندی، کە ئەوانیش ڕێکخستن، پلەبەندی شتە لەپێشینەکان (agenda-setting، presence expansion، engagement and conversion generating). ئەم توێژینەوەیە ئەم مۆدێلە پێشنیارکراوە سێ ڕەهەندییە لە هەڵسنگاندن و شیکارییەکانی خۆیدا بەکاردەهێنێت، چونکە پێیوایە کە دەتوانێت وەسفی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دبلۆماسییەتی گشتیدا بکات.

### دانانی پلەبەندی بۆ کارە لەپێشینەکان:

یەکەمجار بۆ دیاریکردنی لایەنی کاریگەری بەشداری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری دبلۆماسییەتی گشتی بیردۆزی دانانی پلەبەندی بۆ کارە لە پێشینەکان agenda setting. ئەم بیردۆزە سەرنجی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری خاوەندارێتی میدیایی و دانەرانی ستراتیجەکان لە ڕووماڵکردنی ئەو بابەتانەی بڕیارە کاریگەری لەسەر خەڵکە بەئامانج گیراوەکانیان دروستبکەن. لەم گۆشەنیگایەوە ئەرکی دبلۆماسییەتی گشتی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە پێویستە لە نێوان خەڵکانی بیانیدا برەوی پێبدرێت. لە دبلۆماسییەتی گشتیدا ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە پێویستە لە هەمانکاتدا بەرژەوەندی هاوبەشی هەریەکە لە دبلۆماتکارەکان، خەڵکانی بیانی و دامەزراوە بە ئامانج گیراوەکانی ڕەچاوکردبێت و بە شێوازی کارلێککردنی دوولایەنە گفتوگۆکان بەڕێوەبەرن. هەر پەیوەندیدار بەم خاڵەوە، فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەک ئامڕازێکی زیندو و کاریگەر ڕێگا بۆ دبلۆماتکاران خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە دانانی بەرنامەیەکی پلان بۆ دارێژراو وێنەی ئەرێنی وڵاتەکانیان وەک ئامانجێکی لە پێشینەیان لە مێشکی خەڵکانی بیانیدا پەرەپێبدەن. لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییانەی خوارەوە بدرێتەوە: ئەو بەها و بابەتانە چین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەختی لەسەر دەکاتەوە؟ ئەو هەوڵانە کامانەن کە پێویستە دبلۆماسییەتی گشتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا ئەنجامی بدات؟ دبلۆماسییەتی گشتی یەکێکە لە ڕێگاکانی ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوە. بەمشێوەیە بەکارهێنانی شێوازی دبلۆماسییەتی گشتی هەر وڵاتێک بە ئامانجە تایبەتییەکانی ئەو وڵاتە دیاریکراوەوە بەندە. ئەمەش پێویستی بە پیادەکردنی سەرچاوەی ستراتیجی سیایی، ئابووری و گەیاندنی گونجاوی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت جەخت لە سەر جەوهەری بەها و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان وڵاتە پەیوەندیدارەکان و کۆمەڵگەکانیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بکاتەوە. هەر پەیوەندیدار بە دبلۆماسییەتی گشتییەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە هەڵسەنگاندنی دبلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان چەند پێشنیارێک بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم بوارە لەم هەرێمە. بە گوێرەی تێگەیشتنی سیاسی کوردی، هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وەک مافێکی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکی کوردان بووە. بەرنامە و ئەجێندای

دبلۆماسییەتی گشتی هەرێمی کوردستان واپێویست دەکات سەرنجی خۆی لەسەر ئەمکارە گرنگانەی خوارەوە چڕبکاتەوە: (ا) هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی بۆ بەشداری لە دابینکردنی وزەی جیهانیدا. (ب) خستنەڕووی نموونەیەکی دیموکراسی بە شێوەیەک کە هەرێمی کوردستان بکاتە نموونەیەکی دانسقە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. (ج) شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان و بە دەستهێنانی پشتگیری و پیاهەڵدانی نێودەوڵنی بۆ ئەو سەرکەوتنەی پێشمەرگەی کورد بە سەر گرووپی تیرۆریستی داعشدا بەدەستی هێنا. (د) پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و حەواندنەوەی ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان. (ە) گەشەپێدانی لێبووردەیی و پێکەوژیانی ئاینی. ئەم چەمکانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا دەربڕی ئارەزووی کوردەکانە بۆ ڕێزگرتنی کوردەکان لە بەها مرۆڤایەتییەکان لە لایەک و خۆ دوورگرتنە لە بنیاتنانی قەوارە سیاسییەکەیان لە سەر بنەمای تاکە دین و ڕەگەزێکی دیاریکراو، لە کاتێکدا کە باڵادەستکردنی مەزهەب یان ڕەگەزێکی دیاریکراو لە چەند دەیەی ڕابردوودا کێشەی گەورەی ناوەتەوە.

**فراوانکردنی ئامادەیی (Presence Expansion)**

لە هەر یەکە لە دبلۆماسییەتی ئەقلیدی و دبلۆماسییەتی گشتییدا دبلۆماتکاران پێویستیان بەوەیە، کە دڵنیا بنەوە لە گەیشتن و بیسترانی پەیامەکانیان. لە دبلۆماسییەتی ئەقلیدیدا، بەشداری دبلۆماتکاران لە بۆنەی کولتوری، فێرکردن، سیاسی و بازرگانیدا، لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە لە ڕێیانەوە دەیانتوانی دید و بۆچوونی وڵاتەکانیان بۆ وڵاتی میواندار بخەنەڕوو. هەر لەمڕووەوە فەیسبووک دەنگی دبلۆمانکارانی گەورەتر و زوڵاڵتر بە شێوەیەکی کاریگەرتر گەیاندووە. بەمشێوەیە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر هەوڵە دبلۆمانییەکانیان بۆ گەیشتن بە خەڵکانی بیانی، کەسانی فەرمی حکومەت و بەشداری لە چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وڵاتی میواندار گەشەپێداوە و پانتاییەکی فراوانتریان بە پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا بەخشیوە. هەر ئەم ڕێگایەشە کە دەبێتە پارمەتیدەرێکی باش بۆ دبلۆماسییەتی کوردی بۆ ئەوەی بتوانێت پشتیوانی و سەرنجی نێودەوڵەتی پێویست بۆ دۆزی کوردی و مافەکانی لە دەوڵەتی سەربەخۆ و ناساندن و دانانی نێودەوڵەتی بەو کۆمەڵکوژییانەی بەرامبەریان کراوە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە لایەن ڕژێمی سەددامەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دا. ئەگەر presence Expansion واتە فراوانکردنی بوون

> **حکومەتی هەرێمی کوردستان فەیسبووك وەك زەمینەیەکی کاریگەر ئەژمار ناکات بۆ گەیشتن بە ئەجێنداکانی**

بێت، لایەنی سێیەمی کاریگەریی فەیسبووک کە برینییە لە بەرهەمهێنانی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە بە بەشداری هەمووان generating conversational engagement.

**بە یەکگەیشتن و دروستکردنی گفتوگۆ (Engagement and Conversation Generating):**

فەیسبووک ڕێگای بۆ دبلۆماتکاران خۆشکردووە، کە بتوانن پەیوەندییەکی دوولایەنەی فرە ڕەهەند لەگەڵ خەڵکانی بیانی بە مەبەستی دروستکردنی

گفتوگـۆ لەگەڵیـان دابمەزرێنـن. ئـەم پەیوەندییـە كارلێككردنـەی نـاو فەیسـبووك بـە شـێوەیەكی بەرچـاو ئەگـەری گەیشـتن بـە ژمارەیەكـی زۆر گـەورە لـە خەڵـك لـە چوارچێـوەی بەرنامـەی دبلۆماسـییەتی گشـتیدا زیادكـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا فەیسـبووك هەلـی گفتوگۆیەكـی بەردەوامـی لـە نێـوان دبلۆماتـكاران و خەڵكانـی بیانیـدا ڕەخسـاندووە، ئـەم هەلـە لێكنێگەیشـتنی دوولایەنـەی بـو پـەرە بـە توانـای دبلۆماتـكاران بـۆ گۆڕینـی پەیامەكانیـان لـە كاتـی پێویسـتدا لـە ژێـر كاریگـەری وەڵام و كاردانەوەكانـی خەڵـك درووسـتكردووە، یـان بـۆ بەردەوامیـدان بـە پەیـام و شـێوازێكی دبلۆماسـی دیاریكـراو. ئەنجامدانـی ئـەم كارانـە پێكـەوە لەلایـەن دبلۆمانكارانـەوە كاریگـەری لـە سـەر بۆچوونـی خەڵكانـی بیانـی بـە ئاڕاسـتەی دروسـتكردنی بۆچوونێكـی ئەرێنـی بەرامبـەر وێنـە و برانـدی نیشـتیمانی دەوڵەتانـی دبلۆماتـكارەكان دەبێـت.

**پرسیارەكانی ئەم توێژینەوەیە:**

بـە پشتبەسـتن بـە چوارچێـوەی تیـۆری و ئامانجەكانـی، ئـەم توێژینەوەیـە ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە دەخاتەڕوو:

پرسـیاری یەكـەم: چـۆن هەریەكـە لـە كونسـوڵخانەی ئەمەریـكا لـە هەولێـر و نوێنەرایەتـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لە واشـنتۆن ئەكاونتی فەیسبووكی خۆیـان خسـتووەتە گـەڕ بـۆ فراوانكـردن و گەشـەپێدانی حاڵەتـی ئێسـتایان و بنیاتنانـی پەیوەندییەكانیـان؟

خشـتەی ١: ژمـارە و ڕێـژەی سـەدی پۆسـت و شـوێنكەوتنەكان (posts and follows) بـۆ ئەكاونتـی فەیسـبووكی هەردوولایەنـی توێژینەوەكـە:-

پرسـیاری دووەم: تـا چ ڕادەیـەك ئـەو پۆسـتانەی فەیسـبووك كـە لـە لایـەن هەردوولایەنـی توێژینەوەكـەوە بڵاوكراوەتـەوە گفتوگـۆ و بەیەكگەیشـتنی لـە نێـوان خەڵكـدا دروسـتكردووە؟

پرسـیاری سـێیەم: ئەجێنـدای پۆسـتەكانی ئەكاونتـی فەیسـبووكی هەردوولایەنـی توێژینەوەكـە چیـن؟ لەگەڵ ئەوەشـدا تـا چ ڕادەیـەك ناوەڕۆكـی پۆسـتەكان ڕەنگدانـەوەی ئەجێنـدا و ناسـنامەی سیاسـەتی دەرەوەی هـەردوولا بـووە؟

پرسـیاری چـوارەم: ئـەو بەهایانـە چیـن كـە لـە ناوەڕۆكـی پۆسـتە بڵاوكراوەكانـی ئەكاونتـی فەیسـبووكی هـەردوولادا جەختـی لەسـەر كراوەتـەوە؟

**میتۆدی توێژینەوە:**

بـۆ گەیشـتن بـە وەڵامـی پرسـیارەكان، لـەم توێژینەوەیـەدا شـێوازی شـیكاری نـاوەڕۆك لـە ڕووی چەندێتییـەوە (quantitative content analysis) بـۆ ئەجێنـدا و بەهـای نـاو پۆسـتەكانی ئەكاونتـی فەیسـبووكی هەردوولایەنـی توێژینەوەكـە بـۆ مـاوەی دوو مانـگ (مانگـی ١١ و١٢ ی سـاڵی ٢٠١٦) ئەنجامدراوە. بە تێكڕایـی ١٣٥ پۆسـت وەك نموونـە بـۆ كۆكردنـەوەی داتاكانـی توێژینەوەكـە هەڵبژێـردران، كـە ١٢١ پۆسـتیان لـە ئەكاونتـی فەیسـبووكی كونسـوڵخانەی ئەمەریـكا و ١٤ شـیان لـە ئەكاونتـی فەیسـبووكی نوێنەرایەتـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان بـوون. جـۆری شـیكاری و هەنگاوەكانـی بـە گوێـرەی ئەجێنـدا و بەهـای ناوەڕۆكـی پۆسـتەكان دیاریكـراوە. ژمـارەی لایـك، كۆمێنـت و شـەیر، هەروەهـا ئـەو زمانـەی كـە پۆسـتەكەی پـێ نوسـراوە و بڵاوكراوەتـەوە، (ئینگلیـزی، كـوردی، یـان ئینگلیـزی و كـوردی پێكـەوە).

ئەجێنـدای پۆسـتەكان پۆلێنكـراون بـۆ نـۆ جـۆری جیـاواز، كـە بـە شـێوەیەكی گشـتی دەربـڕی دبلۆماسـییەتی گشـتییە لـە سـەر تـۆڕی كۆمەڵایەتـی فەیسـبووك: (ا) پێدانـی زانیـاری بـە هاوڵاتیانـی وڵاتـی نێـرەر لـە وڵاتـی پێشـوازیكاردا، (ب) پێدانـی زانیـاری بـە خەڵكانـی وڵاتـی پێشـوازیكەر، (ج) پێدانـی زانیـاری بـە خەڵكانـی وڵاتـی پێشـوازیكەر لـە بـارەی چالاكییـە دبلۆماسـییەكانی نێـردراوە دبلۆماسـییەكان لـەو وڵاتـە، (د) بڵاوكردنـەوەی كولتـوری وڵاتـی نێـرەر لـە وڵاتـی پێشـوازیكەردا، (ە) پێدانـی زانیـاری بـە خەڵكـی وڵاتی پێشـوازیكەر لـە بارەی سیاسـەتەكانی وڵاتـی نێـرەرەوە، (و) یادكردنـەوەی ڕۆژە جیهانییـەكان، (ی) دروسـتكردنی دیالـۆگ و گفتوگـۆی دوولایەنـە لەگـەڵ خەڵكانـی وڵاتـی پێشـوازیكەردا، (ر) ڕووماڵكردنـی پرۆگرامەكانـی هـاوكاری و یارمەتـی وڵاتـی نێـرەر بـۆ وڵاتـی پێشـوازیكەر، (ز) هانـدان بـۆ وەبەرهێنـان.

ئـەو بەهایـەی كـە لـە ناوەڕۆكـی پۆسـتەكاندا جەختـی

لەسەر کراوە بە گوێرەی ئەو زاراوانە دیاریکراون کە لە لایەکەوە پەیوەندییان بە بەها ڕاگەیەنراوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە، وەک (ناسنامە، ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ) و لە لاکەی ترەوە پەیوەندییان بە هەندێک لە کردارە پلان بۆ داڕێژراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە وەک: (ا) هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی و بەشداری لە بازاڕی ووزەی جیهانی. (ب) بەرجەستەکردنی دیموکراسی بە شێوەیەک کە کوردستان وەک نمونەیەکی دانسقەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ڕوو. (ج) بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە شەڕی دژی گروپە تیرۆریستییەکانی وەک داعش، لە ڕێگەی قارەمانێتی و نەبەردییەکانی پێشمەرگە و لە ڕێگەی ئەمەشەوە بەدەستهێنانی پشتگیری و ستایشی نێودەوڵەتی. (د) پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بە ئاوارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆیان. (ە) هاندان و بەرەوپێشبردنی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاینی.

**ئەنجامەکان:-**

لە گەڕان بە دوای وەڵامی گونجاو بۆ پرسیارەکانی توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە بەدیکران، کە لە چوار بەشدا ئەیخەینە ڕوو.

بەکارهێنانی فەیسبووک لە چوارچێوەی دبلۆماسییەتی گشتی هەریەکە لە ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فراوانکردن و گەشەپێدانی حاڵەتی ئێستایان و بنیاتنانی پەیوەندییەکانیان:

ئەم بەشە وەڵامی پرسیاری یەکەمی توێژینەوەکە دەداتەوە. هەروەک لە خشتەی ١ دا خراوەتەڕوو ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر ژمارەی پۆستی زیاتری بڵاوکردووەتەوە (١٢١ پۆست = ٨٩,٦٪) بە بەراورد بە ئەکاونتی فەیسبووکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٤ بلۆگ = ١٠,٤٪). ئەمە نیشاندەری جیاوازییەکی گەورەیە لە ژمارەی ئەو پۆستانەی کە هەریەکە لەو دوو لایەنە بڵاویان کردووەتەوە و دەرخەری ئەوەیە کە ئۆفیسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی "بەها و ئەجێندا"ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بەو پێیەی کە لە ماوەی دوو مانگدا تەنها ١٤ پۆستی بڵاوکردووەتەوە. هەر لە خشتەی ١ ەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر سەرکەوتووانەتر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بنیاتی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان دامەزراندووە. هەر وەک ئەنجامەکان نیشانی ئەدەن، ژمارەی follower ی ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر تا دوارۆژی کۆکردنەوەی داتاکان گەشتووەتە ٢٧٠٧٤٠ کە دەربڕی ٩٣,٢٪ ی follower ەکانی هەردوولایەنی توێژینەوەکەیە، لە کاتێکدا کە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی

**خشتەی 1: ژمارە و ڕێژەی سەدی پۆست و شوێنکەوتنەکان (posts and follows)**

**بۆ ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکە:-**

| Blogs | ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر | | ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن | | سەرجەمی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | F | ٪ | F | ٪ | ٪ |
| | 121 | 89.6 | 14 | 10.4 | 100 |
| Follows | 270740 | 93.2 | 19.824 | 6.8 | 100 |

**خشتەی 2: ئەو زمانەی کە بۆ نوسینی پۆستەکان لە ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.**

| زمانی بەکارهاتوو | ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر | | ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن | |
|---|---|---|---|---|
| | F | % | F | % |
| کوردی | 20 | 16.9 | — | — |
| ئینگلیزی | 6 | 5.2 | 14 | 100 |
| کوردی و ئینگلیزی | 92 | 77.9 | — | — |
| | 118 | | 14 | 100 |

هەرێمی کوردستان تەنها ١٩٨٢٤ followerی هەیە، کە دەربڕی تەنها ٦,٨٪ ی followerەکانی هەردوولایەنی توێژینەوەکەیە. هەروەها داتاکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا کاریگەری زیاتر بووە لە بە ئامانجگرتنی خەڵکی کورد بە بەراورد لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم، بە تایبەت لە بواری بنیاتنانی پەیوەندی و دروستکردنی هاوپەیمانی و هاوسۆزی لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتی پێشوازیکەردا. بۆ نمونە، ڕێژەی followerەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر دەکاتە ٦٪ی کۆی دانیشتووانی هەرێم، لە کاتێکدا کە ڕێژەی followerەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە دانیشتووانی ئەمەریکا ڕێژەیەکی زۆر کەمی بەراوردنەکراوە. خشتەی ٢ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە پۆستەکانیدا بە ڕێژەی (کوردی ١٦,٩٪، ئینگلیزی ٥,٢٪، کوردی و ئینگلیزی ٧٧,٩٪) بەکارهێناوە. ئەم دەرەنجامانە ئەوەنە دەخەنە ڕوو کە ئەمەریکا لە لایەک بە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، ڕێزی لە زمانەکەی خۆی گرتووە، کە بەشێکە لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کولتوری ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، لە لایەکی تریشەوە، بە بەکارهێنانی زمانی کوردی توانیویەتی کوردزمانانی هەرێمی کوردستان بکاتە ئامانج. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بە زمانی ئینگلیزی پۆستەکانی بڵاوکردووەتەوە. هەرچەندە بێگومان ئەوە کارێکی ئاسان نییە، کە ئەو چاوەڕوانییەت لە ئەمەریکییەکان هەبێت خۆیان فێری زمانی کوردی بکەن، بەڵام پێویستە لانی کەم کوردانی دانیشتووی ئەمەریکا لە لایەن ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتییەکەیانەوە بە کوردی کە زمانی خۆیانە بدوێنرێن.

خشتەی ٢: ئەو زمانەی کە بۆ نوسینی پۆستەکان لە ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

بەکارهێنانی فەیسبووک لە چوارچێوەی دبلۆماسییەتی گشتی هەریەکە لە ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی گفتوگۆ و بەیەکگەشتن لەگەڵ خەڵکانی وڵاتی پێشوازیکەر:

خشتەی ٣ ش وەڵامی پرسیاری دووەمی توێژینەوەکە، کە شێکاری ڕۆڵ و کاریگەری ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکە دەکات لە دروستکردنی گفتوگۆ و بەیەکگەشتن لەگەڵ خەڵکانی وڵاتی پێشوازیکەر دادەداتەوە. ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ژمارەی کۆمێنت و فیدباک و کارلێکەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا (٥١٨٣٨ لایک، ٢٧٨٩ کۆمێنت، و ٧١٢ شەیر)ە. لە کاتێکدا کە سەبارەت بە ئەکاونتی نوێنەرایەتییەکەی حکومەتی هەرێمەوە ژمارەکان

بریتین لە (٦١ لایک، ١٠٠ کۆمێنت، ٢ شەیر). ئەم ئەنجامانە دەرخەری ئەو بۆشایی و جیاوازییە گەورەیەیە، کە لە نێوان هەوڵ و کۆششی ئەم دوو دامەزراوە گەورەیەدا دەبینرێن. هەروەها داتاکان ئاماژەن بە گەورەیی و سەرکەوتنی پرۆژەی کونسوڵخانی ئەمەریکا لە بەکارهێنانی فەیسبووکدا لە چوارچێوە دبلۆماسییەنە گشتییەکەیدا لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ئەکاونتەکەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن. ئۆماری ئەکاونتی فەیسبووکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشاندەری ئەوەیە، کە نوێنەرایەتییەکەی بڕوای نییە بە وەگەڕخستنی فەیسبووک وەک زەمینەیەکی ناوازە و شێوازێکی گەیاندنی کاریگەر بۆ یارمەتیدانی شاندە دبلۆماسییەکان لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە بواری دبلۆماسییەتی گشتیدا.

خشتەی ٣: ژمارەی (لایک، کۆمێنت، و شەیر) بۆ ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکە:-

خشتەی٤ ئەوە دەردەخات کە زۆربەی ئەو پۆستانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکراونەوە ئامادەکاری پێویستیان بۆ نەکراوە و سەرکەوتوو نەبوون لە گەیاندنی پەیامەکانیاندا، پۆستەکان بە زۆری یان نوسینی بێ وێنە یان وێنەی بێ نوسین بوون (٧ نوسین، ٣ وێنە، ٤ نوسین و وێنە). بەراورد بەمە فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا زۆربەی ئەو پۆستانەی کە بڵاویکردوونەتەوە هەم وێنە و هەم نوسین لەخۆدەگرێت ( ١ نوسین، ٢ وێنە، و ١١٨ نوسین و وێنە). پەیوەست بە بنەماکانی دبلۆماسییەتی گشتی ئەو پۆستانەی لە ئەکاونتی فەیسبووکی شاندە دبلۆماسییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە پێویستە لە ئاستێکی بەرزی تەکنیکیدابن، بە جۆرێک کە بتوانێت سەرنجی خەڵکانی بیانی کەمەندکێشی خۆی بکات. پۆستی لەم جۆرە پێویستە سەرکەوتووانە گۆشەنیگای سیاسی، رووداوە کولتورییەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی شاندە دبلۆماسییەکە لەخۆبگرێت، کە لەمڕووەوە ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر سەکەوتووانە سەرنجی بەکارهێنەرە بیانییەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕاکێشاوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز و تێکەڵکردنی نوسین و وێنەی کاریگەر لە پۆستەکانیدا.

خشتەی ٤: ژمارەی جۆری پۆستەکان (نوسین، وێنە، نوسین و وێنە) لە ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکەدا:-

**ئەجێندای پۆستە بڵاوکراوەکان لە لایەن ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکەوە:**

ئەم بەشە وەڵامدەرەوەی پرسیاری سێیەمی توێژینەوەکەیە و هەڵسەنگاندن بۆ ڕێکخستنی ڕیزبەندی لە پێشینەیی ئەو ناوەڕۆکانە دەکات، کە لە پۆستەکانی ئەکاونتی هەر دوو دامەزراوەکەدا بڵاوکراونەوە. خشتەی ٥ دەرخەری ئەوەیە کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا ٣٨ پۆستی (کە دەکاتە ٣٢,٢٪ی هەموو پۆستەکانی) تەرخانکردووە بۆ

**خشتەی 3: ژمارەی (لایك، كۆمێنت، و شەیر) بۆ ئەكاونتی فەیسبووكی هەردوولایەنی توێژینەوەكە:-**

| | ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر | | ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | F | % | F | % | % کۆی گشتی |
| لایك | 51838 | 99.8 | 61 | 0.2 | 100 |
| كۆمێنت | 2789 | 96.5 | 100 | 3.5 | 100 |
| شەیر | 721 | 99.7 | 2 | 0.3 | 100 |

**خشتەی 4: ژمارەی جۆری پۆستەکان (نوسین، وێنە، نوسین و وێنە) لە ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکەدا:-**

| جۆری پۆستەکان | ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر | | ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن | |
|---|---|---|---|---|
| | F | % | F | % |
| نوسین | 1 | 0.8 | 7 | 50 |
| وێنە | 2 | 1.6 | 3 | 21.4 |
| نوسین و وێنە | 118 | 97.6 | 4 | 28.6 |
| | 121 | | 14 | 100 |

پێدانی زانیاری بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا کە ئەکاونتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها یەک بلۆگ (کە دەکاتە ٪١ ,٧ی هەموو پۆستەکانی فەیسبووکی) بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە. ئەم ئەنجامانە نیشاندەری ئەوەن کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا بە ئامانجگرتنی خەڵکی کوردی لە پێشینەی بەرنامەی کارەکانی خۆی داناوە، لە کاتێکدا نوێنەرایەتییەکەی حکومەتی هەرێم لەمەشدا سەرکەوتوو نەبووە. ئەکاونتەکەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم چوار پۆستی بۆ پێدانی زانیاری سەبارەت بە سیاسەتەکانی بۆ خەڵکانی بیانی بڵاوکردووەتەوە، لە کاتێکدا کە کونسوڵخانەی ئەمەریکا ١٤ پۆستی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە. لەگەڵ ئەوەدا کە پێدانی زانیاری بە ئەمریکییەکان لە بارەی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی، بەهێزبوونی هاوپەیمانێتییەکەیان لە شەڕی دژی تیرۆر و چەندین ڕووداو و هەواڵی تری هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەچی هیچ یەک لەمانە لە ناوەڕۆک و ڕیزبەندی لەپێشینەیی پۆستەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەدیناکرێن.

لە لایەکی دیکەوە، ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر بە ٢٤ پۆست (کە دەکاتە ٪٣ ,٢٠ ی هەموو پۆستەکانی) ڕووماڵی بەرنامەی هاوکارییەکانی ئەمەریکای بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی کردووە. بە پێچەوانەوە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ٣ پۆستی (کە دەکاتە ٪٤ ,٢١ی هەموو پۆستەکانی) بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەکاونتەکەی کونسوڵخانەی ئەمەریکا پۆستی زۆر و جۆراوجۆری سەبارەت بە هەموو بوارەکان جگە لە وەبەرهێنان بڵاوکردووەتەوە. ئەم داتایانە لە خشتەی ٥ دا نیشاندراون.

بە شێوەیەکی بنچینەیی، ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر ١٢١ پۆستی بڵاوکردووەتەوە و ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن تەنها ١٤ پۆستی بڵاوکردووەتەوە. ئەم ئەنجامانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پۆستێکی لەبارەی بابەتە گرنگەکانی وەک (بڵاوکردنەوەی کولتور، یادکردنەوەی ڕۆژە جیهانییەکان، دروستکردنی گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ خەڵکی بیانی و پێدانی زانیاری بە خەڵکی بیانی وڵاتی پێشوازیکەر لە بارەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی شاندە دبلۆماسییەکەوە) بڵاونەکردووەتەوە.

"بەهاکان" لە پۆستە بڵاوکراوەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکەوە:

ئەم بەشەی توێژینەوەکەش شیکاری کۆتا پرسیاری توێژینەوەکە دەکات کە لێکۆڵینەوە لەبارەی "بەهاکان"

لە پۆستە بڵاوکراوەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکە دەکات. خشتەی ٦ ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا ٥٩ پۆست (کە دەکاتە ٤٩,١٪ ی کۆی هەموو پۆستەکان) ی لەبارەی "ئەوانی ترەوە" بڵاوکردووەتەوە، لە کاتێکدا کە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ٨ پۆست (کە دەکاتە ٥٧,١٪ ی هەموو پۆستەکانی) ی لەو بابەتەی بڵاوکردووەتەوە. لێرەدا جۆرەکانی "ئەوانی تر" شتگەلێکی وەک (چالاکی، شوێنەواری مێژوویی، سەردان و میوانداریکردنی خەڵکی لە وڵاتی پێشوازیکەردا، کەشوهەوا، گواستنەوەی هەواڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان) دەگرێتەوە.

ڕیزبەندی ڕێکخستنی لە پێشینەیی لە پۆستەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر بەمشێوەیەیە: بڵاوکردنەوەی بیری یەکسانی لە پێشینەیە بە ١٨ پۆست (کە دەکاتە ١٥٪ی هەموو پۆستەکانی)، دوای ئەویش هاوکارییە مرۆییەکان دێت بە ١٦ پۆست (کە دەکاتە ١٣,٣٪ی هەموو پۆستەکانی). بەڵام هەروەک لە خشتەی ٦دا نیشاندراوە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ٨ پۆستی لەبارەی گرنگیدان بە بەهاکانەوە بڵاوکردووەتەوە (٤ پۆست کە دەکاتە ٢٥٪ لە بارەی شەڕی گروپە تیرۆریستییەکان، ٢ پۆست کە دەکاتە ١٢,٥٪ لە بارەی هاوکارییە مرۆییەکان، هەروەها ٢ پۆست کە

**خشتەی 5: ئەجێندای پۆستەکان لە ئەکاونتی فەیسبووکی هەردوولایەنی توێژینەوەکەوە:**

| ئەجێندای پۆستەکان | ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر | | ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن | |
|---|---|---|---|---|
| | F | % | F | % |
| پێدانی زانیاری بە هاوڵاتیانی خۆت لە وڵاتی پێشوازیکەردا | — | — | 1 | 7.1 |
| پێدانی زانیاری بە خەڵکی بیانی وڵاتی پێشوازیکەر | 38 | 32.2 | 1 | 7.1 |
| پێدانی زانیاری بە خەڵکی بیانی وڵاتی پێشوازیکەر لە بارەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی شاندە دبلۆماسییەکەوە | 14 | 11.8 | — | — |
| بڵاوکردنەوەی کولتوری وڵاتی نێرەر لە وڵاتی پێشوازیکەردا | 9 | 7.6 | — | — |
| پێدانی زانیاری بە خەڵکی بیانی وڵاتی پێشوازیکەر لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی نێرەر | 14 | 11.8 | 4 | 28.5 |
| یادکردنەوەی ڕۆژە جیهانییەکان | 3 | 2.5 | — | — |
| دروستکردنی گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ خەڵکی بیانی وڵاتی پێشوازیکەردا | 5 | 4.1 | — | — |
| ڕووماڵکردنی پرۆگرامەکانی بواری هاوکاری | 24 | 20.3 | 3 | 4،21 |
| هاندانی وەبەرهێنان | — | — | 3 | 4،21 |
| شتی تر | — | — | 2 | 2،14 |
| | 120 | 100 | 14 | 100 |

دەکاتە ١٢,٥٪ لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە. لەگەڵ ئەوەشدا داتاکانی خشتەی ٦ دەرخەری ئەوەیە کە ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بەها باڵاکانی ئەمەریکاداوە (بڵاوکردنەوەی پۆستێک کە دەکاتە ٠,٧٪ لە بارەی "ئازادی"، ١٨ پۆست کە دەکاتە ١٣,٣٪ لە بارەی یەکسانییەوە، دوو پۆست کە دەکاتە ١,٤٪ لە بارەی دیموکراسی، ١٦ پۆست کە دەکاتە ١٣,٣٪ لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە)، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن هیچ پۆستێکی لە بارەی ٤ بەها سەرەکییەکەوە کە کاری لە سەر دەکات و بریتین لە (هاندان و بەرەوپێشبردنی لێبووردەیی ئاینی، بەرجەستەکردنی دیموکراسی، هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی، هاوکارییە مرۆییەکان) بڵاونەکردووەتەوە.

## دوا ووتەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا شیکارییەکی بەراوردکارانە خرایەڕوو بۆ هەوڵەکانی هەریەکە لە کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن لە بارەی بەکارهێنانی فەیسبووک لە چوارچێوەی دبلۆماسییەتی گشتیدا بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی بیانی لە هەردوولا. ئەنجامەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە هەوڵەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر سەرکەوتووتر بووە بە بەراورد بە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن، بە شێوەیەک کە ئەکاونتەکەی کونسوڵخانەی ئەمەریکا ژمارەی پۆستەکانی زۆر زیاترە، لایک و کۆمێنتی زۆر زیاتری بۆ هاتووە و خەڵکانێکی زۆرتریش کارلێکیان لەگەڵ پۆستە بڵاوکراوەکاندا کردووە و شوێنی ئەکاونتەکە کەوتوون (واتە follow یان کردووە). ئەنجامەکان ئەوەشیان دەرخستووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فەیسبووک وەک زەمینەیەکی کاریگەر ئەژمار ناکات بۆ گەیشتن بە ئەجێنداکانی و گەیاندنیان بە هاوڵاتیانی ئەمەریکی، یان کوردانی دانیشتووی ئەمەریکا. ئەم ئارگومێنتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ماوەی ٢ مانگدا ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن تەنها ١٤ پۆستی بڵاوکردووەتەوە، کە ئەوانیش بە زۆر پێوەر (لەوانە ژمارەی لایک و کۆمێنت و follower) ناتەواو و ناکاریگەر بوون. هەرچەندە دەتوانرا ژمارەیەکی زۆر بابەت و چیرۆکی هەواڵی میدیا کوردییەکان دووبارە لە ئەکاونتەکەی حکومەتی هەرێمەوە پۆستبکرێنەوە بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی دبلۆماسییەتی گشتی کوردی و دەوڵەمەندکردنی وێنەی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەکاونتەکە ئەمەی نەکردووە. سەرەڕای ئەوەش کەمی پۆستەکان لە ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن دەرخەری ئەوەیە کە ئەم شاندە دبلۆماسییە ناچالاکە، ئەگینا چالاکییەکانیان لە ئەکاونتی فەیسبووکەکەیانەوە نمایشدەکرد. سەرەڕای کەمی ژمارەیان، زۆرینەی پۆستە بڵاوکراوەکانی ئەکاونتی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن یان بە تەنها وێنەن یان نوسین و ژمارەیەکی زۆر کەمیان وێنە و نوسینن پێکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی زۆری پۆستەکان تەنها بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە. لەکاتێکدا کە ئەکاونتی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر هاوکات هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بەکارهێناوە. ئەم لایەنە لاوازانە لە ئەکاونتەکەی حکومەتی هەرێمدا کاریگەری هەبووە لە سەر خراپ بەڕێوەبردنی پرۆژەی براندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەر لەم گۆشەنیگایەوە ئێمە پێشنیار دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسێت بە دابینکردنی ستافێکی پرۆفیشناڵی کارا لە بواری دبلۆماسییەتی گشتی بە مەبەستی فراوانکردنی چالاکییەکانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕووماڵکردنی هەموو ئەوچالاکییانە خزمەت بە

براندکرنــی کوردســتان دەکات لــە ڕێگــەی ئەکاونتــی فەیســبووکی نوێنەرایەتــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە واشــنتۆن.

ســەبارەت بــە ڕەچاوکــردن و جەختکردنــەوە لەســەر بەهــاکان بــۆ بەرەوپێشــبردن و خزمەتــی برانــدی حکومەتــی هەرێــم، ئەکاونتــی فەیســبووکی نوێنەرایەتــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە واشــنتۆن لــە پۆســتەکانیدا جەختــی لــە هیــچ یەکــە لــە بەهاکانــی وەک بەرجەســتەکردنی دیموکراســی، لێبوردەیــی و پێکەوەژیانــی ئایینــی نەکردووەتــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەکاونتەکــەی حکومەتــی هەرێــم ئــەو ئەجێندایانــەی کــە بابەتەکانیــان پەیوەندیــدارن بــە خەڵکانــی بیانــی لــە ئەمەریــکا و کوردانــی دانیشــتووی ئەمەریــکا گرنگــی پێنــەداوە. ئەرکەکانــی بنیاتنانــی تــۆڕی پەیوەنــدی و فراوانکردنیــان پێویســتی دبلۆماســییەتێکی گشــتی چــڕ و پــڕ هەیــە.

دەتوانرێــت لــە دوو ڕوانگــەوە بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی لــە جیاتــی زمانــی عەرەبــی لــە لایــەن ئەکاونتــی فەیســبووکی کونســوڵخانەی ئەمەریــکاوە لــە هەولێــر لێکبدرێتــەوە. یەکــەم، وا دەردەکەوێــت کــە هەرێمــی کوردســتان بــەلای ویلایەتــە یەکگرتووەکانــەوە گرنگییەکــی تایبەتــی هەبێــت، کــە ئەمــەش دەبێتــە هــۆی پەرەپێدانــی پەیوەندییەکەیــان لەگــەڵ ئەمەریــکا و زامنکردنــی پشــتیوانی بــۆ دەوڵەتــی کوردســتان لــە ئەگــەری دروســتکردنیدا. دووەم، ئەمــە ڕاســتی ئــەو ڕوانگــە تیۆرییــە دەخاتــەڕوو، کــە پێیوایــە ئەکتــەرە نادەوڵەتییەکانیــش دەتوانــن چالاکییەکانــی دبلۆماســییەتی گشــتی ئەنجامبــدەن. هــەر لــەم ڕوانگەیەشــەوە ئــەم توێژینەوەیــە ئــەوەی ڕوونکردووەتــەوە کــە دەتوانرێــت دبلۆماســییەتی گشــتی لــە نێــوان دەوڵەتێکــی وەک ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و ئەکتەرێکــی نادەوڵەتــی وەک هەرێمــی کوردســتان بــە بــێ ڕەچاوکردنــی باڵانســی هێزلــە ڕووی ئەزمــوون، ســەرچاوە و پێکهاتــەی دامەزراوەکانیانــەوە لــە چوارچێــوەی دبلۆماســییەتی گشــتیدارەگەزی گرنگــن.

**سەرچاوە: SAGE Open**

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS